# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمــاره (٦٠) ٢٧٢٤ی کــوردی ٢٠٢٤ی زایینــی

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمـــارە (٦٠) ٢٧٢٤ی کــوردی ٢٠٢٤ی زایینـــی



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن کەریم

سەرنووسەر:

**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:

**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:

- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر تۆفیق**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەسوەد ئەحمەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاوێژکاران:-

- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. ساڵح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شەیخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەد زادە**



**هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

ISSN: 2520-4106

http;//gov.krd/ka

# شێوازەکان و ئاڕاستەکانی هونەری پۆستمۆدێرنیزم لە کوردستان (لاند ئارت) بە نموونە

شارا غازی محەمەد

کۆلێژی هونەرە جوانەکان/ بەشی شێوەکاری ــ
زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر
younsmosman@gmail.com

پوختە:

ئەم توێژینەوەیە لە (شێوازەکان و ئاڕاستەکانی هونەری پۆستمۆدێرنیزم لە کوردستان، لاند ئارت بە نموونە) دەکۆڵێتەوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە بایەخ بە ئاراستەکانی پۆستمۆدێرنیزم و شێوازەکانی دەدات بە تایبەتیش هونەری زەوی، بەو پێیەی لەو هونەرانەیە کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پشت بە ژینگەی سروشتی و کەرەستە خاوەکانی دەبەستێت کە لە سروشتدا هەن. توێژینەوەکە چوار بەش لەخۆ دەگرێت. بەشی یەکەم تاوتوێی گرفتی توێژینەوەکە و بایەخ و پێویستبوون و ئامانجی توێژینەوەکە دەکات کە بریتییە لە (ئاشنابوون بە شێوازو ئاراستەکانی پێکهێنانی کوردی پۆستمۆدێرنیزم، هونەری زەوی بە نموونە)، هەروەها سنووری توێژینەوەکە و گرنگترین زاراوەکانیش لەخۆ دەگرێت. بەشی دووەمیش لایەنی تیۆری و چەمکی شێواز و ئاراستەکانی پۆستمۆدێرنیزم و هونەری زەوی لەخۆ دەگرێت. بەشی سێیەم تاوتوێی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و شیکردنەوەی (٣) چاوگە نموونە (عینات) و میتۆدی توێژینەوەکە کە (وەسفیی شیکاری) دەکات. بەشی چوارەمیش تاوتوێی ئەنجامەکانی توێژەر گەیشتە چەند ئەنجامێک لەوانە: گەڕانەوە بۆ سروشت و پاراستنی، بایەخدان بە کەرەستەی خاو، هەڵبژاردنی بابەتی بەڕواڵەت سادە، بەڵام قووڵ و پڕ مانا. کۆتایی دێت بە دەرئەنجامەکان و ڕاسپاردەکان و سەرچاوەکان.

کلیلەوشە: شێواز، ئاراستە، هونەری زەوی

**پێشەکی**

ئـەم توێژینەوەیـە لێکۆڵینەوەیـە لەبارەی شـێوازە جیا جیاکان لــە ئاڕاســتەکانی هونــەری پۆســتمۆدێرنیزم و بــە تایبەتیــش شـێوازی کارکـردن لـە (لانـد ئـارت) دا، ئـەو هۆکارانـەی وای کـردووە توێـژەر ئـەم بابەتـە هەڵبژێـرێ ئەوەیـە شـێوازەکانی کارکـردن لـەم ئاڕاسـتەیە زۆرە و پێویسـت و بـە شـێوازێکی زانستییانە نیشـان بدرێـن و ڕوون بکرێنـەوە. کەمیـی سـەرچاوە بـە زمانـی کـوردی لـەم بـوارەدا. ئامانـج ئەوەیـە لـە ڕێـگای ئـەم توێژینەوەیــەدا ( شـێوازەکان و ئاڕاسـتەکانی هونــەری پۆسـتمۆدێرنیزم لـە کوردسـتاندا (هونـەری زەوی بـە نموونـە) گـەڕان بـکات بـۆ دەسـتکەوتنی زانیـاری لەبـارەی ئـەو بابەتـە و بـە شـێوەیەکی ئەکادیمـی نیشـانی بـدات. لێـرەوە چەنـد پرسـیارێک لای توێـژەر دروسـت دەبێـت، ئایا هونـەری زەوی بایــەخ بــە ســتاتیکا دەدات، یــان بــە نــاوەڕۆك و بیرۆکــە؟ ئایـا وەرگریـش بەشـێکە لـە کارە هونەرییەکـە؟ مەبەسـت لـەم هەوڵدانــەش گەیشــتنە بــە پوختەیــەک لــە بابەتەکــە و بۆئـەوەی توێژەرانـی تـر سـوودمەند بـن لـەم توێژینەوەیـە.

### ١-١ کێشەی توێژینەوەکە

ئـەو گۆڕانکارییــە خێرایانــەی لــە دونیــای پۆســتمۆدێرنیزم، یـان لـە دوای جەنگـی دووەمـی جیهانـەوە بەسـەر کۆمەڵگـەدا هاتـن، بوونـە مایـەی سـەرهەڵدانی ئاڕاسـتەی هونەریـی زۆر و جیـاواز لـە بـواری هونـەر و وای لـە کۆمەڵـگا کـرد سـەیرترین و نامۆتریــن شــێوازی هونــەری پەســەند بکــەن، هەڵبەتــە ئــەوەش لــە میانــی جۆراوجۆربوونــی ئــەو نێوەندانــەی (تعـدد الوسـائط) کـە کارە هونەرییـەکان لەخۆیانـی دەگـرن، کاتێکیـش پۆسـتمۆدێرنیزم کاری کـرد لەسـەر هەڵوەشـاندنەوەی سـنووری نێـوان ڕۆشـنبیری و کولتـوورە بـاڵاکان و ڕۆشـنبیرییە جەماوەرییــەکان یــان میللییــەکان. کــە ئامانجێــک بنیــاد دەنــێ تایبەتــە بــەو هونەرانــەی کــە نوێنەرایەتــی ئــەو هەڵوەشــاندنەوانە دەکات لــە نێــوان و ســنووری هونــەر و ژیانــی ڕۆژانــە بــۆ ئــەوەی ئاوێتــەی یەکتریــان بــکا وە تێکهەڵکێشــکردنی ســومبلەکان و شــێوازە جیــاوازەکان لــە هونــەردا.

هونـەری شـێوەکاریی پۆسـتمۆدێرنیزم بریتییـە لـە هەمـوو ئـەو پێشـکەوتنەی کـە مـرۆڤ لـە میانـی ئـەو بیرۆکانـەی بـە شـێوەیەکی گـۆڕاو و دور لـە بەهـا و یاسـاکان پێشکەشـیان دەکات، جیاکارییەکــی دروســت کــرد لەگــەڵ هونەرێــک کــە چەنــد ســەدەیەک مرۆڤایەتــی لــە بازنەیەکــدا قەتیــس کردبـوو، بۆیـە وا دەردەکەوێـت کـە دەرهێنانـی ئـەو هونـەرە لــە قەیرانــی کۆتوبەندکــردن وە هەڵوەشــاندنەوەی بیرۆکــە کۆنــەکان و هۆشــیارییە خودییەکانــی هونەرمەنــد بــە هونەرەکەیـەوە، زیاتـر بـەرەو تاکگەرایـی و خـودی و هەوڵـی خوڵقاندنــی شــێوازی تایبــەت بــە خــۆی و جیاکردنــەوەی لـە هونەرمەندەکانـی دیکـەو پێشـووتر یـان هەتـا ئەوانـەی لــە ســەردەمی ئەویشــدان. لێــرەوە لــە ڕێگــەی شــێوازەوە تێبینیــی ئــەو ســەردەمە دەکەیــن و شــێوازیش دەبێتــە بەرهەمێکـی خـودی، یـان بەشـێك لـە خـودی هونەرمەندەکـە. لــە دوای هەمــوو ئاراســتەکان و دوای پۆســتمۆدێرنیزم، شـێوازە جۆراوجـۆرەکان دەرکەوتـن، لەوانـەش لانـد ئـارت، وەکـو یەکێـك لـەو هونەرانـەی کـە ڕاسـتەوخۆ کار لەسـەر ژینگـەی سروشـتی دەکات و پشـت بـەو بابـەت و کەرەسـتانە دەبەسـتێت کـە لـە سروشـتدا هـەن و خۆشەویسـتی ژینگـەن. ئـەوەی پێشـکەش کـرا گرفتـی توێژینەوەکـە لـە ڕێگـەی ئـەم پرسـیارەوە زیاتـر دەردەکەوێـت: ئایـا لانـد ئـارت بایـەخ بـە سـتاتیکا دەدات، یـان بـە نـاوەڕۆك و بیرۆکـە؟ ئایـا وەرگریـش بەشـێکە لـە کارە هونەریەکـە؟

### ١-٢ گرنگیی توێژینەوەکە

گرنگیــی توێژینەوەکــە خــۆی لــەم خاڵانــەی خــوارەوەدا دەبینێتــەوە:

١- تیشــك خستنەســەر گرنگتریــن ئاراســتەکانی هونــەری پۆســتمۆدێرنیزمە.

٢- دەرخسـتنی شـێوازەکان و تەکنیکـە جیـاوازەکان لـە( لانـد ئـارت) دا.

٣- ڕۆشـنایی خستنەسـەر قۆناغەکانـی پەرەسـەندن و گۆڕینـی هونـەری پۆسـتمۆدێرنیزم بـە زمانـی کـوردی.

٤- دەبێتـە سـەرچاوەیەك بـۆ قوتابیانـی زانکـۆکان و ئەوانـەی لـە بـوار و پسـپۆڕی هونـەری شـێوەکاری بـاڵا دەخوێنـن وە بـۆ خوێنـەر و نووسـەری بـواری هونـەر و دەبێتـە سـەرچاوەیەکی

گرنگی هونەری بۆ کتێبخانەکان.

٥- ئەم توێژینەوەیە دەکرێ هاندەر و پاڵنەرێك بێت بۆ بەرهەمهێنانی کاری هونەری لە ژینگەی دەرەوە و ناو شارەکان بە مەبەستی جوانکاری و ناساندنی هونەر.

**٣-١ ئامانجی توێژینەوەکە**

- ناسینی شێوازەکان و ئاراستەکان لە پێکهێنانی کوردی پۆستمۆدێرنیزم (هونەری زەوی) بە نموونە.

**٤-١ سنووری توێژینەوەکە**

- سنووری بابەتی: شێوازەکان و ئاراستەکانی هونەری پۆستمۆدێرنیزم لە کوردستاندا (لاند ئارت) بە نموونە.

- سنووری کاتی: ٢٠٠٤ -٢٠١٦. (ئەنجامدانی چەند کارێکی هونەری (لاند ئارت) لەو ماوە دیاریکراوە).

- سنووری شوێنی: هەولێر- سلێمانی.

**٥-١ میتۆدی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە میتۆدی وەسفیی شیکاری دەگرێتە بەر.

**٦-١ دیاریکردنی زاراوەکان**

**شێواز (الاسلوب ــ Style)**

**شێواز لە ڕووی زمانییەوە:** ڕێگا، هونەر لە گوتن و کار (لویس: ١٩٧٣، ل٣٤٣ ). **شێواز ( لەڕووی چەمکییەوە):** ئەفلاتوون دەڵێت: شێواز هاوشێوەی خەسڵەتی کەسییە. (جیرو، ل٣٧).**شێواز (لە ڕووی کردارییەوە ــ الاجرائی):** خەسڵەتی ئەنجامدانی کارێکەی تاکە کەسییەو دەرئەنجامی هوشیاریی کردارییە لە بوارێکی بینین، پەیوەندییە بونیادگەراییەکان لە ناو هۆکارەکاندا بەڕێوە دەبات و بە شێوەیەك دەیانهێنێتەدی کە خەسڵەت و تایبەتمەندیی جیاوازو تاکە کەسییان پێ ببەخشێت.

**ئاراستە (الاتجاه ــ Attitude)**

**ئاراستە لە ڕووی زمانییەوە:** لە (وجە واتجە) وەرگیراوە، واتە لە ڕووخسارو ئاراستەوە، لایەن و ئاراستە هەموویان بابەتگەلێکن بە ئەنقەست ئاراستە دەکرێن، ئاراستەش بۆچوونی هەیە، واتە ڕەخسا. (ابن منظور، ل١١٦). **ئاراستە لە ڕووی چەمکییەوە:** حامد زهران بەم شێوەیە پێناسەی دەکات، کە بریتییە لە ئامادەکارییەکی دەروونی و سازبوونێکی عەقڵی دەماریی فێرکارییە بۆ وەڵامدانەوەی ئەرێنی یان نەرێنی بەرانبەر کەسەکان یان شتەکان یاخود بابەتەکان یان هەڵوێستەکان، یاخود هێماکان لەو ژینگەیەی وەڵامەکە دەورووژێنێت. (زهران: ١٩٨٤، ل١٣٦). **ئاراستە لە ڕووی کردارییەوە:** مرۆڤ بۆچوون و ڕەفتارێکی دیاریکراو وەردەگرێت، یان ڕێگەیەك بە ئاراستەی بیرۆکەیەکی دیاریکراو یان کۆمەڵە بیرۆکەیەك دەگرێتەبەر.

**٢-١ چەمکی شێواز (مفهوم الاسلوب)**

شێواز زاراوەیەکی نەرمونیانە، زەحمەتە وەسفێکی خۆی و میکانیزمەکەی بکرێت، پەیوەستە بە چەندین بوارەوە، لەوانەش هونەر بە هەموو جۆرەکانییەوە، کۆمەڵگە و سیاسەت و ئەوانیتریش، هەموو ئەو چۆنیەتییانە دەکرێ لە شێوازێکدا بەرجەستە بکرێن، لە ڕێگەی زاراوە و وشەی زمانی یان زاراوە و ڕەگەزی شێوەکارییەوە. هەروەها لە گوتاری بیناویشەوە، شێواز و شێوە پێکەوە و هاوشانی یەکتر گەشە دەکەن، -وەکو ولڤن پێی وایە- مێژوو بریتییە لە شێوەکان و دەکرێ بەو جۆرە شرۆڤە بکرێت کە هەموو شێوەیەك بە زیندوویتی دەمێنێتەوە و شێوەیەکی دیکەی لێ لە دایك دەبێتەوە، هەروەها هەموو شێوازێکیش خۆی بۆ شێوازێکی نوێ ساز و ئامادە دەکات، کاریگەریی وێنەش لەسەر وێنە دەبێتە هۆی کارکردنە سەر شێواز، بە گرنگترینیش دادەنرێت لەوەی ڕاستەوخۆ کاریگەریی لاساییکردنەوەی سروشت دەهێنێتە بەرهەم. (مونر: ١٩٩٣، ل٢٦٦).

گۆڕانکاری لە شێوازەکاندا پێویستیی بەوە نییە تەنها واتاکان خۆیان لە جەوهەری شێوازدا بەرجەستە بکەن، شێوازیش فەلسەفەی خودە لە بووندا، شێواز ئەو ئاوێتەبوونەیە کە شێواز بە شێوەیەکی خۆکردەیی و وەکو بەرهەمێکی نەخشەکاریی تێدا دەکات، واتە شێواز خودی مرۆڤە، بۆیە لابردن و نەهێشتنی، یان گۆڕینی وەك ئەوەی (بۆفۆن) دەیبینێت: لەوەی شێواز خودی مرۆڤە و شێوازیش بەشێکە لە واتا و بەش و ڕووخسارێکیشە لە ڕووخساری واتا (هاف: ١٩٨٥، ل٢٣).

زیاتر لە شێوازێکیش لە هونەردا هەیە، بەڵام لە ماوەیەکەوە بۆ مامەیەکی دیکە، یان لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە جیاوازە، وەك ئەوەی شێوازی

نیگارکێشـانەکانی مرۆڤـە سـەرەتاییەکان لـە ئەشـکەوتەکان دەبینیـن کـە دەربـڕی خۆپاراسـتن و کۆنترۆڵکـردن و زاڵبوونـە بەسـەر ترسـدا، یـان هونـەر لەسـەردەمی کلاسـیکدا گەڕانەوەیـە بـۆ هونـەری گریکـی و بایەخـدان بـە بەهـا جوانکارییـەکان لـە شـێوەی مـرۆڤ، هەروەهـا شـێوازی سـەردەمی ڕێنیسانسـیش خـاوەن خەسڵەت و ئاراسـتە و ڕۆحێکـی ئایینـی و چەسـپاندنی بەهـرەی جوانکاریـی خوایـی و سـەرنجە مرۆڤایەتییـە نوێیـەکان و ڕەنگدانـەوەی بـوو لـە بـواری هونـەری، شـێوازی هونەریـی ڕۆمانسـیزم پشـت بـە سـۆز و خەیـاڵ و سروش دەبەسـتێت زیاتـر لـەوەی پشـت بـە لۆژیـك ببەسـتێت، کەچـی لـە واقیعـدا پشـتی بـە لۆژیکـی بابەتـی بەسـت زیاتـر لـە خـود و وێنـەی ژیانـی ڕۆژانـە وەك خـۆی بـێ دەسـکاری، بـەڵام سـەبارەت بـە شـێواز، ئـەوا پەرەسـەندنی پەیوەسـت بـوو بـە پەرەسـەندنی زانسـت و تەکنەلۆژیـاکان و خێرایـی لـە نیگارکێشـاندا.

هونـەری مۆدێرنیـزم وەك ئـەوەی فەرهەنگـی «المـورد» پێناسـەی کـردووە بریتییـە لـە: «خوولیـا و ئەندێشـەیەکە لـە هونـەر و ئامانجـی دوورکەوتنـەوە و دابڕینـە لـە هەمـوو پەیوەندییـەك بـە ڕابـردووەوە و گەڕانـە بـە دوای شـێوە و شـێوازی نوێـی دەربڕیـن. مۆدێرنیـزم لـە هونـەردا ڕەهـا نییـە، هەرچەنـدە ئەگـەر شـێواز و شـێوە و جۆرێکـی نوێـش بێـت لـە جوانیناسـی. ئـەوا بـە جیاوازیـی نەتـەوەکان و جیاوازیـی کات و شـوێن و ڕۆشـنبیری و کولتـوور جیاوازیـی هەیـە. مۆدێرنیـزم بریتییـە لـە ئەفراندنـی شـێوازەکان، ئەمـەش یارمەتیـی مرۆڤـەکان دەدات لەسـەر خۆگونجانـدن لەگـەڵ هەلومەرجـی بەکارهێـنراو، تەکعیبـی و مستەقبەلی و تەجریـدی شـتێك نیـن جگـە لـە هەندێـك شـێوازو جـۆر. (طاهـر:٢٠٢٢).

**٢-٢ ئاراستەکانی پۆستمۆدێرنیزم و شێوازەکانی**

**٢-٢-١ ئەبستراکت ئێکسپرێشنیزم (التعبيرية التجريدية):**

**Abstract expressionism**

شـێوەی یـان ئەبسـتراکت ئێکسپرێشـنیزم قوتابخانـەی نیویـۆرك، یەکـەم بزووتنـەوەی هونـەری بـوو کـە دوای جەنگـی دووەمـی جیهانـی لـە چلـەکان سـەریهەڵدا و ڕاسـتەوخۆ "لـە ژێـر کاریگەریـی بزووتنـەوە هونەرییەکانـی دیکـەی پێـش قۆنـاغ و مـاوەی جەنگـدا بـوو کـە ئەویـش دادائـی و تەجریـدی و سـوریالی بـوو لـە پاریـس لـە بیسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوو". (ال وادی: ٢٠١١، ل١٣١).

شـێوەی دەربڕینـی پەتـی (التعبيريـة التجريديـة) جەختـی لەسـەر چەندیـن چەمکـی جوانیناسـی و هـزری دەکـردەوە، کـە تیایـدا "دەربڕینـی کەسـیی هەڕەمەکـی لەخـۆ دەگـرت، واتـە بایەخـدان بـە دەربڕینـی خـودی پاڵنـەرە دەروونییـە خودییـەکان و جەختکردنـەوە لەسـەر هەسـتەوەرەکان و خۆنواندن لـە نیگارکێشـان و لـە کۆششـکردنی هونەرمەنـد لـە تاقیکاریـی بابەتـە نوێیـەکان لـە هونـەر و بەکارهێنانـی تەکنیکـی هاوچـەرخ و سـەردەمیانە کـە شۆڕشـی پیشەسـازی و تەکنەلۆژیـای هاوچـەرخ لـە دوای خۆیـەوە بەرهەمیـان هێنابـوو" www.artcyclopedia.com، لـە بەناوبانگتریـن هونەرمەندەکانیشـیان جیـن دۆبۆڤیـا و هانـس هۆڤـمان و جاکسـن پۆلـۆك وەک لە(شـێوەی١)و فرانـس کلایـن (شـێوەی٢)



جاکسن بولوك، ١٩٤٩ (شێوەی١)



فرانس کلاین،١٩٥٠ (شێوەی٢)

**٢-٢-٢ هونەری میللی - الفن الشعبي - Pop Art**

ئـەم شـێوازەیان هەمـوو شـتێکی تاکەکەسـی و ئیحساسـی،

یـان خـودی بەرامبــەر جیهانــی واقیــع و سروشــتی كۆمەڵگــە ڕەت كــردەوە، بەمــەش كاری هونــەری هەمـــوو شــتێكی لەخــۆ گــرت و هیــچ شــتێكیش، ئــەوەش دوای هەڵگرتنــی ناوبــڕی نێــوان هونــەر و ژیانــی گــەلان و لەخۆگرتنــی شــتەكان ئەگەرچــی لــە ڕووی بینینــەوە نارێــك و ناشــیرینیش بــن، وەكــو قوتــوو و كارتۆنــی ئامــادە، یــان شووشــەی كــۆكا كــۆلا، یاخــود ڕۆژنامــە و وێنــەی كەســایەتییە بەناوبانگــە هونەرییــە ژن و پیــاوەكان. لــە بەناوبانگتریــن هونەرمەندەكانــی ئــەم ئاڕاســتەیە: ڕۆبــەرت ڕۆشــنبیرگ و جاســپەر جۆنــس (شــێوەی٣) و ئەنــدی وارهــۆل (شــێوەی٤)

(هێربــەرت ماركــۆس) بــاوەڕی وایــە كــە «تەكنەلۆژیــا بــە شــێوەیەكی بــەردەوام كۆشــش بــۆ خوڵقاندنــی مرۆڤــی نــوێ دەكات، مرۆڤێــك نوێنــەری بەكاربردنــی ڕووگیــری (الاســتفزازی) بێــت تــا ئەوپــەڕی ڕووگیــری و هەتــا دروشمەكەیشــی ببێتــە (مــن بەكاربــەرم، كەواتــە مــن هــەم)، لــە بەكاربــەرەوە بــۆ هونــەر، لــە دەســتەبژێرەوە بــۆ میللــی و لــە هونــەرەوە بــۆ پەیوەندیكــردن.. هونەرمەندیــش لــە داهێنــەرەوە دەگۆڕێــت بــۆ بەرهەمهێنــەر و خەونەكــەی دەیهێنێتــە دی، وەكــو ئانــدی وارهــۆڵ كــە هیــوای ئــەوەی خواســت ببێتــە ئامێــر». (محمــد: ٢٠١٥، ل٢١).



جاسپەر جۆنس ئالا، ١٩٦٤ (شێوەی٣)



مارلین مونرۆ، ئاندی وارهۆڵ.١٩٦٧،(شێوەی٤)

**٣-٢-٢ هونەری چەمككەرایی (الفن المفاهیمی):**

**Conseptual art**

بایــەخ بــە «بیرۆكــە دەدات، یــان چەمــك وە گواســتنەوەی ئــەو بیرۆكەیــە بــۆ وەرگــر، چونكــە هونــەری چەمككەرایــی، یــان هــزری، تیایــدا جەخــت لەســەر هــزر و مێشــكی پــاك و بێگــەرد دەكرێتــەوە». (ال وادي: ٢٠١١، ص١٨٠).

ئــەم هونــەرە نوێنەرایەتیــی قۆناغێكــی چالاكیــی نێــوان بیرۆكــە و بەرهەمــی كۆتایــی دەكات، لــە گرنگتریــن جۆرەكانیشــی (هونەر‌ـــ زمــان)، (هونــەری جەســتە) و (هونــەری زەوی) لەدواییــدا بەتایبــەت باســی دەكەیــن. گرنگتریــن و دیارتریــن هونەرمەندانــی هونــەری چەمككەرایــی جۆزێــف كوســۆث (شــێوەی٥).



جوزیف كوزۆس، یەكێك لەسێ كورسییەكان، ١٩٦٥،نیویورك (شێوەی٥)

**٢-٢-٤ هونـەری ئۆپتیکـەڵ - الفـن البـصري - Optical Art**

بـە چەندیـن نـاوی دیکـەش نـاسراوە. وەکـو هونـەری بینیـن، هونـەری جوڵەیـی، یـان هونـەری (الصبرانـي). «پشـت بـە یاریکـردن و هەڵخەڵەتانـدن بـە چـاو دەبەسـتێت، ئـەوەش بـە بەکارهێنانـی ڕەنگـە دژەکانـی وەکـو ڕەش و سپی و شـێوە ئەندازەییەکانـی وەکـو چوارگۆشـە و سـێ گۆشـە، هونـەری بینیـن (البـصري) بریتییـە لـە شـێوەی ئەندازەیـی لێـوار تیـژ». (ویـد:١٩٨٨، ل٢٢). لـە گرنگتریـن هونەرمەندانـی ئـەم هونـەرە ئەلکسـەندەر کاڵـدرو فازاریلـی (شـێوەی٦).



ڤیکتور فاسارلی، کەری کێوی ١٩٣٨ (شێوەی٦).

**٢-٢-٥ هونەری فلۆکس:فن الفلوكس - Flux Art**

بزووتنـەوەی فلۆکـس بایـەخ بـە بیرۆکـەی چۆنیەتـی پێشکەشـکردن دەدات زیاتـر لـەوەی بایـەخ بـە خـودی کاری هونـەری بـدات، جـا بـە هـەر کەرەسـتە و ماددەیـەك بێـت کـە لـە ژیانـی ڕۆژانـەدا بوونـی هەبێـت و بەکاریـش بهێنرێـت، وەک لـەو بیرۆکەیـەی کـە دەڵێـت: «توانـای ئەنجامدانـی هونـەر بـە هـەر کەرەسـتەو ماددەیـەك بێـت». (ال وادي: ٢٠١١، ل١٦٨). کاری هونەریـی جیاوازیـش هێنـا ئـارا بـە جیاوازیـی ئـەو کار و چالاکییانـەی کـە لـە تابلۆیەکـدا بـەکار دەهێنرێـن، دەکرێ ئـەو وێنەیـەك بـە کاری بـاران، یـان بـە کاری ئاگـر لەسـەر کانفـاس یـان جەسـتەی مـرۆڤ دروسـت بـکات لەجیاتـی فڵچـە لـە دابەشـکردنی ڕەنگـەکان لەسـەر کاغـەز، یـان کانفـاس. لـە گرنگتریــن و دیارترینـی هونەرمەندەکانـی ئـەم جووڵانەوەیـە (ئیـڤ کیلیـن) لـە فەرەنسـا و (پیـرۆ ماترۆنـی) لـە ئیتاڵیـا.

**٢-٢-٦ هونەری گرافیتی - فن الكرافيتي - Graphity Art**

بەرهەمـی هەڵێنجـراوی کۆمەڵگـەی بەکاربـەر و دۆخـی کۆمەڵایەتیـی داڕووخـاو و خـەراپ بـوو. مـرۆڤ تیایـدا توانـی خـودی خـۆی بـە نووسـین لەسـەر دیـوارەکان، یـان واژۆی نـاوی خـۆی لەسـەر تـەلارو شـەمەندەفەری تونێلـەکان بنووسـێت. ئـەو کەرەسـتانەی بەکاریـش دەهێـنران جۆراوجـۆر و هەمەڕەنـگ بـوون، وەکـو (ڕشـاندن و بەسـەرداکردن – السـكب، یـان دڵۆپانـدن بـە هـۆی بۆیـەی ڕەنگاڕەنـگ، یاخـود بەکارهێنانـی ئامـرازی دەسـتیی وەکـو ڕۆڵـە، یـان میکانیکـی وەکـو ئامێـر و ئامـرازی بەکارهێنانـی هەڵکۆڵیـن و ڕوشـاندن و هەڵکەنـدن لـە سـەر دیـوار). (ال وادي: ٢٠١١، ل١٩٤-١٩٥). لـە کاتـی بەدواداچوونـی بەرهەمـی هونەریـی گرافیتـی دەبینیـن ڕێبـاز و میتۆدێـك هەیـە هونەرمەندەکـە لـە کارەکەیـدا بـەکاری هێنـاوە و پشـت بـە وێنـە و دەقـی نووسـیین و هەروەهـا وەرگرتنیـش دەبەسـتێت، هەروەهـا دەبـێ بـە خێراییـش بخوێنرێتـەوە و بـە ئاسـانیش پێناسـەی هونەرمەندەکـەی بکرێـت. لـە بەناوبانگتریـن هونەرمەندەکانـی هونـەری گرافیتـی (کیـت هارنـگ).

**٢-٢-٧ ڤیدیۆ ئارت - فن الفيديو -Vedio Art**

بـە داهێنانـی ڤیدیـۆ و بەکارهێنانـی لـە هونـەردا، توانایەکـی نوێـی بـە بـەر هونـەری شـێوەکاریدا کـرد و پەرەسـەندنی هـۆکارەکان و ژمارەییـەکان تـا دەگاتـە کامیـرای ژمارەیـی ئاسـت بـەرز و لـە فـەزای تەکنەلۆژیـای زانیارییـەکان و سیسـتەمی ژمارەیـی کۆمپیوتـەر بـووە ئامرازێکـی نـوێ و بـە داهێنـان و سـەرهەڵدانی بـۆ نـاو هونـەر، بـووە ئامرازێـك بـۆ گـەڕان دەربـارەی ئـەو نموونانـەی شاشـە پێشـنیازیان دەکات و لەگەڵیشـیدا خـود و تاکگەرایـی ون دەبێـت. چونکـە وێنـە گوازرایـەوە بـۆ تەکنەلۆژیـا و ئاسـۆیەکی گـەش بـەرەو جیهانـی گریمانەیـی کرایـەوە و لـە ماوەیەکـی کورتـدا شـێوازی زۆر بـە دوای یەکتریـدا هاتـن و دۆخـی ڕەقییـان گـۆڕی بـۆ شـەبەنگ و چەمکـی تابلـۆش گـۆڕا و بـووە شاشـە. (محمـد:٢٠١٥، ل٥٤ و ٥٧). لـە بەناوبانگتریـن هونەرمەندەکانـی ئـەم بزووتنەوەیـە تێـری کینـدزل، دان گراهـام، پیتـەر کامپـوس. (شـێوەی٧).



پیتەر کامپۆس،سێ ترانزیشن، ١٩٧٣(شێوەی٧)


**٢-٣ لاند ئارت - فن الأرض- Land Art**

**٢-٣-١ کورتەیەك دەربارەی ڕەگ و ڕیشەی هونەری زەوی:**

لاند ئارت لە هونەرو ئەفسانە ڕۆشنبیری و کولتوورییە کۆنەکانەوە سوودی بینیوە، کە ماوەیەکی درێژە فەوتاون و زۆربەیان نەماون. لە کولتووری بەردینی (ستۆن هانگ) (شێوەی٨) لە ئینگلتەرا و نەخشکارییە گەورەکانی (ئەنکییەکان و ئەزستەکییەکانی) سەر زەوی. کە لە کۆندا بۆ پەیوەندیکردنی نێوان زیندەوەرە شاراوەکان و هێزە میتافیزیقییەکان یان ئەوانەی پشت سروشتەوە بەکار هێنراون. ئەم هونەرە ڕەگوڕیشەی بۆ هۆزی پیرۆ لە باشووری ئەمەریکا دەگەڕێتەوە، کارەکان لە هەندێك هێمای ئاڵۆز پێك هاتوون، بۆچوونەکان بۆ ئەوە دەچن کە «ئەو هێمایانە دەگەڕێنەوە بۆ شارستانیی نازکا (شێوەی٩) لە نێوان ٤٠٠- ٦٥٠ زاینی. تا ئێستا ئەوە نەدۆزراوەتەوە کە چۆن یان بۆچی ئەو وێنانە بەو شێوەیە کێشراون، لەسەر ڕووبەرێکی فراوان کە جیهانی سەرسام کردووە». (بلاسم، سلام:٢٠١٥، ل٦٩).



ستۆن هانگ،بەریتانیا.(شێوەی٨).



هێڵەکانی نازکا،پیرۆ(شێوەی٩)

**٢-٣-٢ دەرکەوتن و سەرهەڵدانی لاند ئارت:**

لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستەم و لەگەڵ دەرکەوتنی ئەم ئاراستەیە، هونەرمەندان هەوڵی خۆلادانیان لە سیستەمێکی ئابووری شپرزە و ناڕوون دەدا کە بەسەر جیهانی هونەردا زاڵ بوو، ئەوان لە خەمی کرداری گەڕان و دۆزینەوەی بابەت و شوێنی نوێ بوون بۆ داهێنان و نمایشکردنی کارە هونەرییەکانیان. زۆربەیان گەڕانەوە بۆ سروشت وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ کارەکانیان، ئەوەش بە بەرهەمهێنانی پەیکەری قەبارە گەورە و بەکارهێنانی ئەو کەرستانەی لە سروشتدا هەن.

هەندێك لە هونەرمەندانی ئەم ئاراستەیە لە دەستپێکدا سەر بە بزووتنەوەی چەمکگەرایی بوون، پاشان دەستیان کرد بە کاری لاند ئارت، ئەوەش بە هۆی نزیکییان لە جەوهەری بابەتەکانەوە، :Tiberghien (1999, p 78). لەبەرئەوەی هەردوو لایەنەکە کار لەسەر وروژاندنی پرسیارگەلێك دەکەن، تاکە جیاوازیی نێوانیشیان بریتییە لەوەی لاند ئارت پشت بە کەرەستە خاوەکانی سروشت و خودی سروشت دەبەستێت بۆ پێشکەشکردن و بەرجەستەکردنی پەیامەکانیان.

هەر یەکە لە هونەرمەندانی زەوی شێوازی جیاوازی خۆیان هەیە، ڕێباز و پرۆگرامێکی تایبەتیان نییە، یان لە ڕێگەی دیاریکراوەوە کارە هونەرییەکانیان ئەنجام نادەن، «هەندێك لە هونەرمەندان کارە هونەرییەکانیان لە ڕێگەی هەڵکەندنەوە دەکەن و هەندێکی دیکەیان جێپەنجەی خۆیان و هێما و شێوەکان لە سروشتدا بەجێ دەهێڵن و هەندێکی دیکەشیان بابەتی سروشتیی وەکو بەرد و خۆڵ و تاوێر بۆ هۆڵەکانی نمایش دەگوازنەوە». (محمد: ٢٠١٥،ل ٦٩). خۆ ئەگەر لە گواستنەوەی ئەو کارە هونەرییانەش بۆ هۆڵەکان ئاستەنگێکیان هاتەپێش یان شوێنێك بۆ نمایشکردن، پەنا دەبەنە بەر وێنەگرتنی کارەکانیان بە ڤیدیۆ یان هەندێك گۆشەی کارەکانیان بە کامیرای فۆتۆگرافی و بڵاوکردنەوە و نمایشکردنیان لە هۆڵە هونەرییەکاندا.

هونەرمەندانی ئەو جۆرە هونەرە لەسەر ڕووی زەوی دەستیان بە کێشانی کارە هونەرییەکانیان دەکرد، ئەوەش بە قۆستنەوەو سوودوەرگرتن لە ڕووبەری فراوان و

قەبــارەی گــەورە، هەرچەنــدە هەندێــك لــەم کارانــە مەحــاڵ بــوو جەمــاوەر بتوانێــت بیانبینــن و لــە هەمــوو ئاراســتەکانی تــێ بگــەن، مەگــەر ئــەوە تەنهــا لــە ڕێگــەی وێنــەی ڤیدیۆیــی، یــان وێنــەی فۆتۆگرافییــەوە، یــان لــە ئاســمانەوە لــە ڕێگــەی هەلیکۆپتــەر ئەوەیــان بــۆ بڕەخســێت، هــەر بــەم هۆیــەوە «هونەرمەندانــی ئــەو بزووتنەوەیــە کەوتنــە بــەر شــەپۆلێکی ڕەخنەگرتــن، بــەوەی ئــەو کارە هونەرییانــە بــۆ جەمــاوەری ئاسـایی لەبـار و گونجـاو نیـن و زۆرێـك لـەو کارانـە توانـای بینینیــان نییــە، مەگــەر لــە ڕێگــەی فڕۆکــەوە، ئــەوەش تەنهــا بـۆ سـەرمایەدار و دەوڵەمەنـدەکان دەبـێ» (محەمـەدی: ٢٠١٧، ل٥٥٠)

لــە کوردســتانیش هونــەری زەوی بۆتــە یەکێــک لــەو ئاڕاســتە گرنگانــەی کــە «هونەرمەنــد لــەم ســاڵانەی دوایــی کاری زۆر بەپێــز و دانســقەیان ئەنجــام داوە» (فەتحــوڵا:٢٠١٤)، ســوودی زۆریــان لــە شــاکارە مەزنــە جیهانییــەکان بینیــوە و وەک ســەرچاوەیەک بــۆ کارەکانیــان پشــتیان پــێ بەســتووە لەبــەر ئــەوەی ســەرهەڵدان و هاتنەکایــەوەی ئــەم جــۆرە هونــەرە لەوانــەوە ســەرچاوەی گرتــووە و ســەریهەڵداوە. ئەوانیــش بیرۆکــەی کارەکانیــان بوێرانــە هەڵبــژاردووە و بەشــێوەی جیـاواز و کەرەسـتەی جیـاواز ئەنجامیـان داون. هەرچەنـدە لـە کوردسـتان سـەرچاوە و گەیشـتن بـە زانیاریـی تـەواو لەبـارەی ئـەم شـێوازی کارکردنـە کەمـە و بـە ئاسـان دەسـت ناکـەوێ بــەڵام هونەرمەندانــی کوردســتان توانیویانــە کــەم تــا زۆر لــە ڕێــگای کەناڵــی تایبــەت و هەوڵــی کەســی خۆیــان توانیویانــە کارەکانیـان بەرجەسـتە بکـەن. ئـەو هونەرمەندانـەی کـە لـەم بـوارەدا کاریـان کـردووە لـە نێوخـۆی کوردسـتان هونەرمەنـد ئـازەر عوسـمانکە یەکـەم کاری لانـد ئارتـی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ٢٠٠٣ ئەنجـام داوە بـە نـاوی (پەڵە)(شـێوەی ١٠) و خانمـە هونەرمەنـد سـاکار سـلێمان چەندیـن کاری لانـد ئارتـی ئەنجـام داوە، حەمـە هاشـم و نەهـرۆ شەوقی(شـێوەی١١).



ئازەر عوسمان، پەڵە، ٢٠٠٣(شێوەی١٠).



نەهرۆ شەوقی، جێی پێ، ٢٠١٦(شێوەی١١)

**٢-٣-٣ بەناوبانگتریــن هونەرمەنــدە جیهانییەکانــی ئــەم ئاراســتەیە و شــێوازەکانیان:**

« هونەرمەندانــی لانــد ئــارت کەرەســتە خــاوەکان و ڕەگەزەکانــی نــاو سروشــتیان لــە شــوێنی ڕەســەنی خۆیــان بــەکار هێنــاوە، یــان دووبــارە دیمەنــە سروشــتییەکە ڕێــك دەخەنــەوە. ئــەم جــۆرە کارە هونەرییانــەش بــە زۆری لــە ڕووی پێوانــەوە زۆر گــەورە و قەبــەن و دەکەونــە بــەر کاریگــەری و گۆڕانکارییەکانــی سروشــت، وەکــو: پلــەی گەرمــا، ڕووناکــی، تاریکــی، باوبــۆران و داخوورانــەوە». (Laialch: 2007,p56). هونەرمەندانــی ئــەو جــۆرە هونــەرە کەرەســتە خاوەکانــی سروشــت و دەوروبــەری ئــەو شــوێنە بــەکار دەهێنــن، هــەر هونەرمەنــدە و شــێواز و ڕێچکــەی تایبەتیــی خــۆی لــە مامەڵەکردنــی لەگــەڵ کارەکانــی و هەڵبژاردنــی کەرەســتە جیاوازەکانــی نــاو سروشــتدا هەیــە. لــە هیــچ توێژینەوەیــەك کــە لەبــارەی هونــەری زەوی کرابێــت بەبــێ بەشــداریکردنی (ڕۆبێــرت ســمیثۆن و ریچــارد لۆنگ)(شــێوەی١٢) و (شــێوەی١٣)

کۆتایــی نەهاتــووە، چونکــە ئــەوان لــە سروشــتدا بازنــەی گــەورە و دیــواری بــەرز و شــێوەی لوولپێچیــی جۆراوجۆریــان دروســت کــردووە و هەمــوو کەرەســتەکانیش هــەر لــە خــودی سروشــتدا هەبــوون، وەکــو بــەرد کــە کراوەتــە ســەرچاوەیەك بــۆ کارەکانیــان، وەك ئــەوەی لــە دروســتکردنی (شۆســتەی بەنــدەری ســبیرالی لوولپێچــدا )دروســتی کــردووە کــە کارەکـەی وەکـو دەریاچەیەکـی گـەورەی پـڕ لـە ئـاو و خـوێ و بـە ڕێژەیەکـی زۆر دەردەکەوێـت و پێچەوانـەی میلـی کاتژمێـر دەخوولێتــەوە.




ڕۆبێرت سمیسسۆن،
شۆستەی بەندەری سبیرالی لوولپێچ، ١٩٧٠ (شێوەی ١٢)



ڕیتجارد لۆنگ، ڕوباری بازنەیی بەردین، ٢٠٠١ (شێوەی١٣)

هەروەهــا کارەکانــی (بەربــەرە و میخائیــل لیشــگن)، کــە کارەکانیــان زیاتــر پەیوەســت بــوو بــە دیمەنگەلێکــی ئەوتــۆ کــە تیایــدا مــرۆڤ ئاوێتــەی سروشــت کــراوە و مــۆرك و ڕووخســارێکی تێرامانانــەی ســۆفیگەرانە دەبەخشــێت، وەکــو ڕۆیشــتن لــە سروشــت و تێبینیکــردن و وێنەگرتنــی فۆتۆگرافــی لێــی. (Tufneill: 2006 , p71)، بــەڵام (دۆنــس و ئۆبنهایــم و جـان دیبتـس)، تەنهـا بەوەنـدەوە ڕاوەسـتان کـە لـە کارەکانیـان نەخشەسـازیی بیناوانـە لەسـەر وێنـەی فۆتۆگرافـی بکـەن و وێنەکانیـش لـە سروشـتەوە وەربگـرن. لـەم جـۆرە هونەرەشـدا کارەکانـی (ڕافائـل تیریـز) گەیشـتە لووتکـەی هێمایـی و نـاوی (بەفـر)ی لـێ نابـوو، لـە کۆمەڵـە پارچـە بەفرێـك و گـەڵای هەڵوەریـوی پاییـز وەرگیرابـوون و لەسـەر دیـواری مۆزەخانـەی (وتنـی) دانرابـوو، ئەوەشیان دەگـوت کـە ئـەوە بـۆ ڕازیکردنـی کارە هونەرییـە دانسـقە زانکۆییـەکان لـەوێ دانرابـوو، چونکـە گلەیـی لـە سروشـتی کارەکانـی دەکـەن کـە بـە زوویـی نامێنێـت و لـە نـاو دەچێـت (Kastner:1998,p43).

لـە کارەکانـی (جیـم دینیڤانی)ش(شـێوەی ١٤) کـە وێنـەی ئێجـگار گـەورەی لەسـەر ﻟﻢ کێشـاوە و تەنهـا لـە نـاو فڕۆکـەوە توانـای بینینـی ئـەو کارە مسـۆگەر دەبێـت، ئـەو کارامەییەکـی زۆر و توانایەکـی سـەیری لـە شـێوە ئەندازەییەکانـدا هەبـوو، زۆر بـە لێهاتوویـی درکـی بـە کارە هونەرییەکانـی و خوڵقاندنـی جۆرێـك لــە هاوســەنگیی لــە نێــوان شــێوە و ڕووبــەری کارەکانیــدا دەکــرد.



جیم دینیڤانی، هێڵەکانی سەر ﻟﻢ،٢٠١٤(شێوەی ١٤)

لـە کارەکانـی هونەرمەنـدی بولغـاری بـە ناوبانگیـش لـە هونــەری زەوی (ڕۆمــان دیمیــترۆف) کــە لــە کارەکانیــدا مامەڵـەی لەگـەڵ ئـەو کەرەسـتە و بابەتانـەدا کـردووە کـە لـە سروشـتدا هەبـوون و ڕووبەرێکـی باشیشـیان هەبـووە. زۆربـەی کارەکانیشـی لـە دارو درەخـت بـوون و شـێوەی جۆراوجۆریشـی پــێ بونیــاد دەنــاو دروســت دەکــرد. (نانســی)ش کــە بــە هەمــان شــێوە هونەرمەندێکــی ئــەو جــۆرە هونەرەیــە و گرنگتریــن ئــەو ڕەگەزانــەی ئــەو لــە کارە هونەرییەکانیــدا

بەکاریهێناون (تیشک) بووە، لە کاتی خۆرئاوابوون، یان هەڵاتنیدا و بەگەڕخستن و بەکارهێنانی لە شێوەیەکی ئەندازەیی دروستکراو لە چیمەنتۆ (Malpas: ٢٠٠٣, p١١٢) کەچی هونەرمەند (کریستۆ و جین کلۆد) ڕووبەرەکانی وەکو ڕووبەری دەریاچەیەك، یان تەلاری گەورە و زلی بە هۆی قوماشی پلاستیکییەوە دادەپۆشی و بەرگ دەگرت. (ئەندی گۆلدسۆرسی)ش (شێوەی ١٥) مامەڵەی لەگەڵ کەرەستە خاوە هەمەڕەنگەکانی وەکو بەرد و تاوێر و ئاو و درەخت و لق وگەڵا و خۆڵی لەگەڵ بەفر و بەستەڵەکدا دەکرد، لە کۆتا کارەکانیدا جەختی لەسەر بەکارهێنانی بەرد دەکردەوە. (Goldsworthy: 2008,p66). هەر یەکە لە هونەرمەندانی هونەری زەوی بیرۆکەی دیاریکراوی خۆیان هەبوو، هەر یەکەشیان بە شێوە و شێوازی خۆی ویستیان ئەو بیرۆکانە لە ڕێگەی بەکارهێنانی کەرەستە خاوەکانی سروشتەوە لە شێوە و وێنە و میکانیزمی جۆراوجۆرەوە بە بینەر بگەیەنن.



ئاندی گۆلدسوۆرسی، تێکهەڵکێشبوونی کات، ٢٠٠١

(شێوەی ١٥)

**٢-٣-٤ خەسڵەت و تایبەتمەندیی هونەری زەوی:**

زۆربەی کارەکان لە ڕووی قەبارەوە گەورە و قەبەن و بۆ بەرجەستەکردنیان پێویستییان بە ڕووبەرێکی گەورە هەیە.

- هونەرمەندانی هونەری زەویی سروشت وەکو کەرەستەیەکی خاوی سەرەکی لە کارە هونەرییەکانیاندا بەکار دەهێنن، بە تایبەتی ئەو کەرەستانەی بوونیان هەیە، وەکو: (بەرد، یان تاوێر، یاخود خاك و خۆڵ، یان درەخت و لق و گەڵای درەخت و ئاو و بەفریش).
- زۆربەی کاری هونەرمەندەکانی هونەری زەوی لە ناوچە دوورە دەستەکانی دوور لە شارەکان و لە ناو سروشتدا بونیاد نراون و دروستکراون، هەروەها ڕووبەری فراوان بە بەکارهێنانی کەرەستەی خاوی خودی سروشت و لە سروشتیشدا بەکارهێنراون.
- کامێرای وێنەیی ڤیدیۆیی و فۆتۆگرافی بەکار دەهێنن بۆ وێنەگرتنی کارەکانیان و لە شێوەی تابلۆو چاپەمەنیدا کارەکانیان بۆ وەرگر نمایش دەکەن و ئەو کارە هونەرییانەیان دەپارێزن و بە بەڵگەشی دەکەن و وەکو وێنە هەڵیدەگرن.
- زۆربەی کارە هونەرییەکانی هونەرمەندەکانی هونەری زەوی لە شێوەی ئاسانکراوی وەکو چوارگۆشە و ئەڵقەی بازنەیی یان هێڵکاریی تەخت و شێوەی پێچاوپێچ پێك دێن، هەڵبژاردنی ئەم جۆرە شێوانەش بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کارە گەورە و قەبانە یارمەتیدەرو گونجاوە.

**٣. ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە (اجراءات البحث):**

**٣-١ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:** دوای سەرنجدانی ژمارەیەکی زۆری کارە هونەرییەکانی هونەری زەوی، کە سنووری توێژینەوەکەیان جیا کردەوە» لە سەرجەم تەکنیك و کەرەستە خاوە بەکارهێنراوەکان تیایاندا، توێژەر کۆمەڵە کارێکی هونەریی تێدا وەرگرتن، لەگەڵ سەرجەم زانیارییەکان و بۆ کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیەی ئێستای هەڵبژاردوون کە لە (٣٠) کاری هونەری پێکهاتوون و لە ماوەی (٢٠١٢- ٢٠٢٢)، ئەوەش بە هۆی ئەو پێداویستییە تایبەتانەی کە بابەتی لێکۆڵینەوەکە پێویستیی پێیان هەبووە.

**٣-٢ چاوگە نموونەی توێژینەوەکە** (عینة البحث): بە ئەنقەست هەڵبژاردوون و (٠٣) کاری هونەرین بەپێی ئامانجی توێژینەوەکە لە ناسینی شێوازەکان و ئاراستەکانی پێکهێنانی هونەرەکانی پۆستمۆدێرنیزمی (هونەری زەوی) بە نموونە و بە واقیعی (٣) کاری هونەری بەپێی ئەم دارشتنانەی خوارەوە:

- جۆراوجۆربوون لە شێوازەکان وێڕای بەکارهێنانی هەمان کەرەستە خاوەکان.
- دوورکەوتنەوە لە کارە باوەکان و دووبارە کراوەکان کە خەسڵەت و تایبەتمەندیی هەمان چەمك لە ئاشکراکردنیان وەردەگرن.
- جەختکردنەوە لەسەر کارە هونەرییە نوێیەکان.

**٣-٣ میتۆدی توێژینەوەکە:** توێژەر پشتی بە میتۆدی وەسفیی شیکاریی چاوگە نموونەی توێژینەوەکە بەستووە.

**٣-٤** شیکردنەوەی چاوگە نموونەکان (العینات)



**نموونەی (١)**

**ناوی کار:** ژانی منداڵ بوون

**ناوی هونەرمەند:** ساکار سلێمان

**پێوانەی کارەکە:** ٦٥x٧٥ مەتر

**ساڵی جێبەجێکردن:** ٢٠١٤

**کەرەستەی بەکارهێنراو:** بەردی هاڕدراو

**شوێنی کار:** شاخی گۆیژە- سلێمانی

**وەسفکردن و شیکردنەوە:**

هونەرمەند بۆ ئەنجامدانی کارێکی هونەری زەوی، شاخی هەڵبژاردووە و بە بەردی هاڕدراوی ڕەنگ سپی بازنەیەکی کراوە لەسەر شاخەکە نەخشاندووە، بەمەبەستی بەرجەستە کردنی بیرۆکەکەی. وەک پێشتر باسکراوە کاری هونەری زەوی، لە سروشتدا ئەنجام دەدرێت، هەڵبژاردنی شاخ لە لایەن هونەرمەند بۆ کارەکەی زۆر گونجاوە، چونکە سروشتی شارەکە شاخاوییە و شاخی گۆیژە بە سەر شاری سلێمانیدا دەڕوانێ وقەبارەیێکی بەرزو گەورەی هەیە و بەشێکە لە ژینگەی ناوچەکە وە پانتاییەکی فراونی هەیە. هونەرمەند بۆ ئەنجامدانی کارەکەی بەردی بەکار هێناوە چونکە ئەویش بەشێکە لە سروشتی ناوچەکە و پەیوەستە بە شوێنە هەڵبژێردراوەکە هەروەها بە ئاسانی لە ناوناچن وەک دارو بەرد و خۆڵ کە کەرەستەی زۆر چەسپاو و بەهێزن بەئاسانی لەناو ناچن، ئەوەش هێزێک دەبەخشێتە کارە هونەرییەکەی بۆیە هەڵبژاردنی کەرەستەیەکی وەک بەرد نامۆ نییە بە بابەتەکە و زۆر ژیرانە لە کارەکەی تەوزیفی کردووە، چونکە شێوەی بابەتەکە سوڕانەوەی تێدایە، بۆیە بیرۆکەی بەرد بەهاڕدراوی ئاسانتر شێوەکی بۆ دەردەخات. بەردە ڕەنگ سپییەکان بەمەبەستی دەرکەوتنی لە نێو پانتایی شوێنەکە ڕەنگە سپییەکە زۆر بە ڕوونی لەسەر خاکەکە دەردەکەوێ وە بینەر باشتر و ڕوونتر شێوەکە بە دی دەکات.

توێژەر شێوەکان لەو کارە هونەرییەدا دەکات بە دوو بەش: یەکەمیان شێوەی ئەندازەیی (سێگۆشە)یە کە فۆرمی شاخەکەیە کە سێگۆشە دەلالەتی زۆری هەیە بۆ نموونە لە سروشتدا جێگیر و چەسپاوە، سروشتدا چونکە سێگۆشەیی لەڕێی بنەمایەکی پتەوەوە ڕەگی لە زەویدا داکوتاوە. سێگۆشەی خاڵی سەرەوە دەتوانێ نوێنەرایەتی بەرەو سەرەوە بەرەو جیهانی ڕۆحی بکەن، لەکاتێکدا سێگۆشەی خوارەوە دەتوانێت نوێنەرایەتی خوارەوە بۆ جیهانی فیزیکی بکات. شێوەی بەکارهاتووی دووەم کە( بازنە)یە وناوەڕۆکی بابەتەکەیە ئەو فۆرمە سەرەتا و کۆتایی نییە، ئاماژەیە بۆ ئەبەدییەت، لە هەموو کولتوورەکانیشدا ئاماژە بە خۆر و زەوی و مانگ و گەردوون وجەستە گەردوونییەکانی دیکەی دەکات، بازنەکان بۆ ئاماژەکردن بە شتە ئاشناکانی وەک تایە، تۆپ چەندین میوە، شێوەی بازنەیی ئاماژە بە کامڵبوون دەکات. ئاوێتەکردنی ئەو دوو شێوە ئەندازەییە لە لایەن هونەرمەندەوە لە کارێکی هونەریدا زۆر بوێرانە و زانایانەیە، چونکە سەنگ و هێزێکی تەواوی بە کارەکە بەخشیوە، هەم لەڕووی تەکنیکی وهەم بۆ دەوڵەمەندکردنی لایەنە تیۆری و هونەرییەکە.

هونەرمەند ساکار سلێمان ناونیشانی کارەکەی بە ناوی (ژانی منداڵبوون)ە ناوەڕۆکی بابەتەکەی پەیوەندییەکی بە هێزی لەگەڵ ئەو شێوەی کە هەڵیبژاردووە هەیە. هەروەها ئەو ماددەیەی بەکاری هێناوە و لەگەڵ دیاریکردنی

شوێنی کارەکە، چونکە شێوەی بازنەکە لەلای هونەرمەند گوزارشتە بۆ ئافرەت لەکاتی دووگیانیدا، کە گۆڕانکاریی فیزیکی بەسەر شێوەی جەستەیدا دێت. ئەگەر فۆڕمی بازنەکە بکەینەوە سێگۆشەییەکە لەسەر باری درێژی، بۆیە لە ئەنجامی تێکهەڵکێشکردنی بازنەکە و سێگۆشەکە زۆر بە کارامەیی کارێکی هونەریی ناوازەی بەرهەم هێناوە، کە بە مانای جێگیربوونی ئافرەت و بەردەوامی دێت ئەنجامدانی کارەکە بە هەڵبژاردنی شێوەی سێگۆشەیەکی ڕوو لەسەرەوە پەیوەندییەکی ڕۆحی لەگەڵ ژیاندا دروست دەکات، کە کۆرپەکەیەتی، هەروەها هەڵبژاردنی توخمێکی وەکو بەرد کە بە ئاسانی لە ناو ناچێت دووبارە چەمکی هێز بە کرۆکی بابەتەکە دەبەخشێ.



**نموونەی (٢)**

**ناوی کار:** منیش منداڵ بووم

**ناوی هونەرمەند:** حەمە هاشم

**پێوانەی کارەکە:** ١٥٠٠x ١٥٠٠ مەتر

**ساڵی جێبەجێکردنی:** ٢٠١٦

**کەرەستە بەکارهێنراوەکان:** دار و کاغەز

**شوێنی کار:** دەشتی شەنگال

**وەسفکردن و شیکردنەوە:**

هونەرمەند لەوکارەدا لە دەشتێکدا لەسەر پانتاییەکی شێوە چوارگۆشەییدا ژمارەیێکی زۆری لە فرفرۆکەی ڕەنگاوڕەنگی لە کاغەز دروستکراو چەسپ کراو لە دار کە قەبارەی هەریەک لە فرفرۆکەکان ٢٠-٢٠ سم دەبێت لەسەر چەند هێڵێکی هاوتەریب چەقاندویێتی، کە هەموو هێڵەکان بە تەنیشت یەکەوە چوارگۆشەیەکیان پێک هێناوە. کارەکە وەک کێڵگەیێکی فرفرۆکە دەردەکەوێ.

هونەرمەند محەمەد هاشم بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە دەشتی شەنگالی هەڵبژاردووە چونکە ناوەڕۆکی بابەتی کارەکەی پەیوەستە بەو ڕووداوە دڵتەزێنەی کە لەو شوێنە ڕووی داوە و کاریگەری لەسەر زهنی هونەرمەند جێ هێشتووە و بۆتە هەوێنی ئەو کارە کە لە ناوچەیەکی دەشتایی نیمچە وشکدا ئەنجام دراوە، هەڵبژاردنی ئەو شوێنە بە شێوەیێکی هەڕەمەکی نییە، چونکە فرفرۆکە پێویستی بە هێزێکە بۆ خوولانەوەی کە بەردەوام لە شوێنی دەشتاییدا (با) زۆر چالاکە و یارمەتیدەرە بۆ نمایش، کەرەستەی بەکارهاتوو بریتییە لە کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ، مەبەستی هونەرمەند لە بەکارهێنانی ڕەنگی سادە و جیاواز گەڕانەوەیە بۆ ئەو هەستە پاک و بێگەردەی منداڵی کاتێک منداڵ دەربڕینی بۆ شتەکان زۆر ڕاستگۆیانە و بێ خەوشە، هەروەها پەیوەندیی قووڵی لەگەڵ کەلتور و بیروباوەڕی ئەو ناوچەیە هەیە، چونکە خوێندنەوەی جیاوازیان بۆڕەنگەکان هەیە و پێگەی تایبەتی لە نێو ئایینەکەیان هەیە و ڕەنگەکان بوونەتە بەشێک لە مێژووی ئەو ناوچەیە.

پانتاییی کارەکە بە شێوەیێکی چوارگۆشە دانراوە کە فۆڕمی بەکارهاتوو لەسەر چەند هێڵێکی ڕێکخراودا دانراوە و بە تەنیشت یەکەوە تا سنووری چوارگۆشەی کارەکەیان تەواو دەرخستووە. بێگومان بەکارهێنانی پانتاییێکی شێوە چوارگۆشە لەو کارەدا گرنگیی زۆری هەیە چونکە ئەو شێوەیە بابەتەکە دەبەستێتەوە بە جێگیربوون و هاوسەنگبوون لەب یری منداڵدا. هونەرمەند زۆر بە لێهاتوویی و زانایانە بابەتی کارەکەی هەڵبژاردووە و تێکەڵی کردووە بە کارێکی هونەری دانسقە بە بەکارهێنانی چەند ماتریالێکی سروشتی و تەوزیفکردنی لە نێو کارەکەی. هەریەک لە شوێن و کەرەستەی بەکارهاتوو خاوەن دەربڕین و دەلالەتی پەیوەست بە ناوەڕۆکی بابەتەکەن، زۆری ڕەنگ و سادەییان خۆی لەخۆیدا جۆرێک لە جوانی ئەو ناوچەیە نیشان دەدات و لە هەمان کاتیش چەقاندنی لە نێو ئەو دەشتە هەستێکی خەمۆکیت لە

کاتــی خوولانــەوەی فڕفڕۆکــەکان پــێ دەدات، کــە ئەویــش لــە دەســتدانە یــان بەردەوامــی بــوون و دووبارەبوونــەوەی بەســەرهاتی جەرگبــڕ و زوڵمــە لــەو ناوچەیــەدا کــە چەندیــن جــارە لەژێــر هــۆکاری ئایینــی بــێ، یــان ڕەچەڵــەک بــێ زینــدە بەچــاڵ دەکرێــن.



**نموونەی (٣)**

**ناوی کار:** شوێن پێ

**ناوی هونەرمەند:** ئازەر عوسمان

**پێوانەی کارەکە:** نییە

**ساڵی جێبەجێکردنی:** ٢٠٠٥

**کەرەستە بەکارهێنراوەکان:** کاغەز

**شوێنی کار:** لادێکانی سنووری قەرەداخ

**وەسف و شیکردنەوە:**

هونەرمەنــد لــە پانتاییێکــی نێــو سروشــتی ســەوزی بەهــاری گوندێکــی کوردســتان کــە بــە دوو ڕەنگــی کاغــەزی زەرد و ســوور ڕێگایەکــی دروســت کــردووە لــە خــوارەوە بــۆ ســەرەوە دەچێــت، لــە نێــوان دوو ریــزی کاغــەزەکان بۆشــاییەک دروســت بــووە و مەبەســتی شــوێنی ڕۆیشــتن نیشــان دەدات، لــەلای ڕاســت کاغــەزی ســووری بــەکار هێنــاوە و لای چەپیــش ڕەنگــی زەرد.

سروشــتی کوردســتان زۆر یارمەتیــدەرە بــۆ ئەنجامدانــی کاری هونــەری و بەتایبەتــی هونــەری زەوی، چونکــە دەوڵەمەنــدە لــە پێکهاتــە و کەرەســتە خاوەکانــی، لــە هەمــان کاتــدا ڕەنگاوڕەنــگ و دڵگیــرە، هــەر لەبــەر ئــەم هۆکارانــەش هونەرمەنــد کار لەســەر جۆرێــک لــە نۆســتالژیا دەکات لــە ڕێــگای وەبیرهێنانــەوەی شــێوازی ژیــان هاموشــۆکردنی گوندنشــینانی ســەردەمانی زوو شــوێن پێــی گەشــتیار و دانیشــتووانی گونــدەکان لەبــەر زۆری جموجــۆڵ قــووڵ دەبــوو و دەمایــەوە، جۆرێــک لــە دڵنیایشــی لایــان دروســت دەکــرد کــە نزیکــی لــە ئاوەدانــی. هونەرمەنــد بــۆ ئەنجامدانــی ئــەم کارە کاغــەزی بەکاروهێنــاوە وەک ماتریالێکــی دۆســتی سروشــت زوو شــیبوونەوەی لــە سروشــت بەهــۆی کاریگەریــی کەشــوهەوا و بــاران کاغــەز خــۆی لەخۆیــدا بەشــێکە لــە بەرهەمــی سروشــت، بۆیــە بــە ئاســانی تێکــەڵ بــە سروشــت دەبێتــەوە. هەڵبــژاردن ڕەنگییێکــی گەرمــی وەک ســوور کــە لــە لای ڕاســتی ڕێگاکــە بــەکار هێــنراوە ئاماژەیەکــە بــۆ سەرنجراکێشــانی بینــەر و لــە هەمــان کاتــدا بەردەوامــی دەدا بــە ژیــان لــە ڕێــی ئــەو ئێنێرژییــە چالاکــەی هەیەتــی. هەڵبژاردنــی ڕەنگــی زەرد لــە لای چەپــی کارەکــە بــە مەبەســتی ئاراســتەکردنی ڕێبوارەکانــدا بەکارهاتــووە و لــە نێــو ســەوزاییدا بــە زەقــی دەردەکــەوێ لــە هەمــان کاتــدا ئامــەژە بــە ڕەنگــی خــۆر دەکات کــە ئــەو دۆخــەش وا لــە هاموشــۆکاران دەکات دوور بــن لــە تــرس و دڵەڕاوکــێ. ڕەگــەزی هێــڵ لــەو کارە ئەرکێکــی ســەرەکی لــە ئەســتۆ گرتــووە چوکــە لــە ڕێــگای ئــەو هێڵــە توانیویەتــی مــاوەی نێــوان شــوێنەکان دیــاری بــکات. هونەرمەنــد زۆر لێهاتووانــە توانیویەتــی ئــەو یادەوەرییــە لــە ڕێــگای ئــەو بیرۆکــە و بەکارهێنانــی ئــەو ماتریــاڵ و هەڵبژاردنــی ئــەو پانتاییــە بەرجەســتەی پەیامەکــەی بــکات کــە مەبەســتی نیشــاندانی لایەنێکــی لەبیرکــراوی خەڵکــە کــە ئەویــش ڕۆیشــتن بەپــێ لــە نێــوان گوندەکانــدا، سروشــتی ســەوزی هەڵبــژاردووە بــۆ زینــدوو نیشــاندانی ئــەو یادەوەرییــە.

**٤ -١ ئەنجامەکان:**

لێکۆڵینــەوە شــیکارییەکە بــۆ شــێوەکانی چاوگــە نموونەکــە، کۆمەڵــە ئەنجامێکــی وەدەســت هێنــاوە، لەوانــەش ئامــاژە بەمانــەی خــوارەوە دەدەیــن:

١. هونــەری زەوی (هونــەری ســەر زەوی) گەڕانەوەیــە بــەرەو سروشــت و پاراســتنیەتی، وەك ئــەوەی لــە چاوگــە نموونەکانــی (١ــ٢ــ٣)دا دەیانبینیــن.

٢. بایەخــی کەرەســتە خــاوە بەکارهێــنراوەکان لــە کارە هونەرییەکانــی هونەرمەندانــی هونــەری زەوی، کــە لــە

سروشــتەوە وەرگیــراوە و بــە ئاســانی لەگــەڵ ژینگــە تێکــەڵ دەبنــەوە، لــە پێنــاوی پاراســتنی ژینگــە وەك ئــەوەی لــە نموونەکانــی (١ــ٢ــ٣)دا دەردەکــەون.

٣. هەڵبژاردنــی بابەتــە ســادە و نــاوەڕۆك قووڵــەکان و بیرۆکــەکان یارمەتیــی وەرگــر دەدەن لــەوەی ببێتــە بەشــێك لــە کارە هونەرییەکــە و لــە ڕوانگــەی خۆیــەوە لــە ناوەڕۆکــی بابەتەکــە تــێ بــگات، وەك ئــەوەی لــە نموونەکانــی (١ــ٢ــ٣) دا هــەن.

٤. هەڵبژاردنــی شــێوە و ڕەگــەز لــە زۆربــەی کارە هونەرییەکانــی زەویــدا یارمەتیــی بــە ئاســانی جێبەجێکردنــی کارەکــەی داوە، ئــەو شــێوانەش بەشــێکن لــە سروشــت، وەك ئــەوەی لــە نموونــەی (١ــ ٢) دا دەردەکــەون.

٥. کەرەســتە خــاوەکان لــە زۆربــەی کارەکانــدا هاوشــێوەن و ئــەو کەرەســتانەن کــە لــە سروشــتدا هــەن، وەکــو بــەرد و تاوێــر، بــەڵام هــەر یەکەیــان بــە شــێوازی تایبەتــی خــۆی و بــە بــێ پشتبەســتن بــە شــتێکی دیکــە بــۆ چەســپاندنی کارەکەیــان، توانیویانــە کارەکانیــان لەســەر زەوی بچەســپێنن. وەك ئــەوەی لــە نموونەکانــی (١ـ٢ـ٣)دا دەردەکــەون.

٦. هێڵــەکان (الخــط) کــە لــە کارە هونەرییەکانــدا هــەن، ڕەگەزێکــی گرنگــن، وەك ئــەوەی لــە نموونەکانــی (١ـ٣) دا هــەن.

٧. ئــەو تەکنیکانــەی لــە تۆمارکردنــی کارە هونەرییەکانــدا بــەکار هێــنراون پەرەســەندون و یارمەتــی بــە بەڵگەکردنیــان داوە لــە ئاینــدەدا، وەك ئــەوەی لــە نموونەکانــی (١ـ٢ـ٣)دا دەردەکــەون.

**٤ -٢ دەرئەنجام:**

توێــژەر لــە میانــەی توێژینەوەکەیــدا توانــی ئــەم دەرئەنجامانــەی خــوارەوە هەڵبهێنجێنێــت:

١. شــکاندنی بەربەســتی نێــوان بوارەکانــی هونــەر، چونکــە هونەرمەنــدی هاوچــەرخ هــەر شــێوازێك یــان هەتــا ئاوێتەکردنــی زیاتــر لــە بوارێکیشــی بەکارهێنــاوە بــۆ گەیاندنــی بیرۆکەکــەی بــە جەمــاوەر.

٢. هەرچەنــدە شــێوازەکان تاکــە کەســی بــن بــۆ بەرهەمهێنانــی کاری هونــەری، ئەوەنــدە داهێنــان و جیــاوازی لــە کارەکانــدا دەبێــت.

٣. هونــەری زەوی جەخــت لەســەر توانــەوە لــە سروشــت و گەڕانــەوە بــۆ زەوی دەکاتــەوە.

٤. تەکنیکــەکان و شــێوازەکان پەیوەســتن بــە کاری تاوێــر و بــەرد لــە هونــەری زەویــدا و لــە تاقیکردنەوەشــیان چەندیــن توانــا بــەدی دەکرێــن، کــە تــا ئێســتا نــە مافــی خۆیــان دراوەتــێ و نــە وەکــو پێویســتیش ئاشــکرا کــراون و دۆزراونەتــەوە.

**٤ -٣ پێشنیازەکان:**

بــۆ تەواوکردنــی ســوودگەیاندن و لــە ئەنجامــی ڕێکارییەکانــی لێکۆڵینەوەکــە ئــەم پێشــنیازانەی خــوارەوە دەخەینــە ڕوو:

- تەکنیکــەکان و کەرەســتە خــاوەکان لــە هونــەری زەویــدا فراوانــتر بکرێــن.

- بیرۆکــە و ناوەڕۆکــەکان لــە هونــەری زەویــدا گشــتی بــن (تایبــەت نەبێــت بــە خــودی هونەرمەنــد) تاوەکــو حکومــەت جێگــەی تایبەتییــان لەنــاو شــار بــۆ تەرخــان بــکات.

**٤ -٤ سەرچاوەکان:**


کوردی

١. محەمــەدی: ئــارام، ٢٠١٧، ئینســیکلۆپێدیای هونــەری مۆدێــرن و هاوچــەرخ، چاپەمەنــی مانــگ، بانــە.

٢. عەرەبی

٣. ال وادي: عــلي شــناوة، ٢٠١١، اســتاطيقا المهمــش في فــن مابعــد الحداثــة، دار صفــاء للتوزيــع عــمان.

٤. ابــن منظــور، ابــو الفضــل جــمال الديــن محمــد بــن مكــرم، لســان العــرب، ج١، القاهــرة، المطبعــة الاميريــة،(د،ت).

٥. جــيرو: بيــير، الاســلوبية، ت منــذر عيــاشي، حلــب، مركــز الانمــاء الاحضــاري للدراســة و الترجمــة و النــشر، ســوريا.

٦. زهران:حامــد، ٢٠١١، علــم النفــس الاجتماعــي، عــالم الكتــب، القاهــرة.

٧. محمــد: بلاســم و ســلام جبــار، ٢٠١٥، الفــن المعــاصر اســاليبه و اتجاهاتــه، مكتــب الفتــح، ط١، بغــداد.

٨. مونــر: تومــاس، ١٩٩٣، التطــور في فنــون، ج ١، ت محمــد عــلي ابــو

درة، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد.
٩. هاف: كراهام، ١٩٨٥، الاسلوبية و الاسلوب، ت كاظم سعدالدين، دار افاق العربية، بغداد.
١٠. ويد: نيكولاس، ١٩٨٨، الاوهام البصرية فنها و علمها، ت. مي مظفر، دار المأمون، بغداد.

ئینگلیزی:

1. A. Tiberghien: Gills, 1999, Land Art, Prinstone Architectural press.
2. Goldsworthy: andy, ,2008 ,at Yorkshire sculpture park,uk.
3. Kastner: Jeffrey, Brian wells, 1998, land art environment art, phaidon.
4. Lailach: Michael, Land Art, Taschen.
5. Malpas: William, 2003, Land Art in close up, crescent moon publishing.
6. Tufneill: Ben, 2006, Land Art, Harry N. Abrams.

ڕۆژنامەکان:

١. حوسێنی: فتح اللە، (١٠-١٢-١٠١٤)، شاخی ئەزمەڕ سپیایی لە باوەش گرتووە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی ٢٣ هەم، ژمارە ٦٥٥١،.

سایتەکان:

١. طاهر: داليا جمالالدين، ٢٠٢٢, مفهوم الحداثة في فن التشكيلي www.shomosnews-com.cdn.ampproject.org
2. www.artcyclopedia.com

**ملخص البحث:**

يـدرس البحـث (الأسـاليب والاتجاهـات فـن مابعـد الحداثـة في كوردسـتان، (الفـن الأرض نموذجـاً)، واهتمـت هـذة الدراسـة بالاتجاهـات مـا بعـد الحداثـة و اسـاليبهم و خصوصـا بفـن الارض باعتبارهـا مـن الفنـون التـي اعتمـدت اعتـمادا مبـاشرا علـى البيئـة الطبيعيـة الخارجيـة وللخامـة الموجـودة في الطبيعـة، و تضمـن البحـث اربعـة فصـول، تنـاول الاول منهـم، مشـكلة البحـث و اهميتـه و حاجـة اليـه و هـدف بحـث هـو( التعـرف علـى الاسـاليب و الاتجاهـات لتشـكيل فنـون مابعـد الحداثـة، فـن الارض نموذجـا)، و تنـاول حـدود البحـث، و تعريـف اهـم المصطلاحـات. و اشـتمل الفصـل الثـاني، الجانـب النظـري مفهـوم الاسـلوب، الاتجاهـات مـا بعـد الحداثـة و اسـاليبها، الفـن الارض. فيـما تنـاول الفصـل الثالـث تحديـد مجتمـع البحـث و تحليـل(٣) عينـات وفـق المنهـج (الوصفـي التحليـلي). البحـث بفصـل الرابـع اللـذي تنـاول نتائـج البحـث و و انتهـى البحـث باسـتنتاجه و التوصيـات و المصـادر.


**الكلمات المفتاحية : الاسلوب، الاتجاه، فن الارض**


## Abstract

The research studies (methods and trends in the formation of postmodern Kurdish, land art as a model). Chapters, the first of them dealt with the research problem, its importance, a need for it, and a research goal (know the methods and trends for the formation of postmodern arts, land art as a model), dealing with the limits of the research, and defining the most important terms. The second chapter included the theoretical side, the concept of style, postmodern trends and methods, and land art. The third chapter dealt with defining the research community and analyzing (3) samples using the (analytical descriptive) method. And I ended the research in the fourth chapter, which dealt with the results of the research, its conclusion and recommendations. The researcher reached a set of results, including (retrieving and preserving nature, the importance of raw materials, and simple and deep topics in content and idea.


Keywords: style, trend, land art